زانکۆی کەرکوک

کۆلێژی پەروەردە بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی زمانی کوردیی

# کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە شێوەزاری ماچۆدا

پێشکەشی زانکۆی کەرکوک - کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی زمانی کوردی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردییدا.

توێژەر

سێوە سامان ئیبراهیم

سەرپەرشت

م.ی. ئارام ڕەشید مەجید

سالّی خوێندن

٢٧٢٣ ــ ٢٧٢٤

کوردی

٢٠٢٣ ـ ٢٠٢٤

زاینی

## پێشـــــکەشە بــــــە

●دایک و باوکم ، کە سەربەرزی کۆڵنەدانیان لە ناخمدا چاندووە.

●باشترین هاوڕێیانی ژیانم ، براکەم و خوشکەکانم.

●داپیرەی ئەزیزم، نێرگز حەمید هەمیشە وشەی گەوهەر و مەزنی ماچۆیی پێم گوتووە.

## سوپاس و پێزانیـــــن

●بەڕێز( م.ی. ئارام ڕەشید مەجید) سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ، هەمیشە بە دڵێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوەو تێبینی توێژینەوەکەمی بە پێزتر و بەهێزتر کرد.

●بەڕێزان (پ. ی. ئاسۆ عبدالرحمن کریم ، پ .ی. شهاب شێخ طیب )هاندان و یارمەتیدەرم بوونە زۆربەی کات بۆ ئەوەی بەردەوام ببم لە شێوەزاری ماچۆدا.

●مامۆستای بەڕێزم، (سەربەست ڕەسوڵ)هاوکارم بوو بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکان.

●بەڕێز(م.ی. ئاکۆ نجم الدین عبدالرحمن) کە نامەی ماستەرەکەی بۆ توێژینەوەکەم زۆر بە سوود بوو.

●هەموو مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی زانکۆی کەرکوک.

## ناوەڕۆک


| ژمارە | بابەت |
|---|---|
| ١ | پێشەکیی |
| **١٣-٢** | **بەشی یەکەم: مۆرفۆسینتاکسی کردار، ناو، ئاوەڵناو** |
| ١٣-٢ | تەوەری یەکەم: مۆرفۆسینتاکس و کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی کردار |
| ٣-٢ | کردار |
| ٤-٣ | تاف و کات |
| ٥-٤ | کەس و ژمارە |
| ٦ | ئەسپێکت |
| ٩-٦ | ڕێژەی کردارەکان |
| ٩ | چەشنەکانی کردار |
| ١٢-١٠ | جەمسەریی |
| ١٢ | هێزی کردار |
| ١٣-١٢ | تەوەری دووەم: کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ناو و ئاوەڵناو |
| ١٣ | پلەکانی ئاوەڵناو |
| **٣١-١٤** | **بەشی دووەم: مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری ماچۆدا** |
| ٢٤-١٤ | تەوەری یەکەم: کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی کردار لە شێوەزاری ماچۆدا |
| ١٥-١٤ | جێناوی سەربەخۆ |
| ٢٤-١٥ | جێناوی لکاو |
| ٣١-٢٤ | تەوەری دووەم: تاف و ڕێژە لە شێوەزاری ماچۆدا |
| ٢٥-٢٤ | تاف و کات |
| ٣١-٢٥ | ڕێژەی کردارەکان |
| ٣٣-٣٢ | تەوەری سێیەم: بکەر نادیار و نەرێکردن لە شێوەزاری ماچۆدا |
| ٣٢ | بکەر نادیار |
| ٣٣-٣٢ | نەرێ کردن |
| ٣٤-٣٣ | تەوەری چوارەم: کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ناو و ئاوەڵناو لە شێوەزاری ماچۆدا |
| ٣٤-٣٣ | ناو لەڕووی ژمارەوە |
| ٣٤ | مۆرفێمی بەندی ناسراو و نەناسراو |
| ٣٤ | پلەکانی ئاوەڵناو |
| ٣٥ | ئەنجامەکان |
| ٣٧-٣٦ | لیستی سەرچاوەکان |

# پێشەکی

## پێشەکیی

**ناونیشانی سنووری توێژینەوەکە :** – ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکان لە شێوەزاری ماچۆدایە توێژینەوەکە تایبەتە بە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکان لە شێوەزاری ماچۆ.

**هۆکاری هەڵبژاردن و ئامانجی توێژینەوەکە :**– کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسیەکان لە شێوەزاری ماچۆدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن بەتایبەتی لە دیاریکردنی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکانی کردار و ناو ئاوڵناو و دیاریکردنی ئەرکە ڕێزمانیەکانی، هەروەها ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکانی کردار و ناو و ئاوڵناو لە شێوەزاری ماچۆدا .

**ڕێبازی توێژینەوەکە :** - ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی (پەسنی – شیکاری) ئەنجام دراوە ، واتا سەرەتا زانیاریی و نموونەکان خراوەتە ڕوو ، دواتر شیکراوەتەوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**– ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ، پێکهاتووە لە دوو بەش بەشی یەکەم، پێناسەکانی مۆرفۆسینتاکسی ، کردار، تاف وکات، کەس و ژمارە ، ئەسپێکت، ڕێژەی کردار، بکەر نادیار، نەرێکردن، ناو لە ڕووی ناسراو و نەناسراو ، ئاوەڵناو.

لەبەشی دووەمدا باسی جێناوە سەربەخۆکان( من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان) و جێناوە لکاوەکانی شێوەزاری ماچۆ کراوە کۆمەڵەی یەکەم(م، مان، ت، تان، ش، شان)،کۆمەڵەی دووەم(نا، نمێ، نی، ندێ، Ø، ن، نێ)،کۆمەڵەی سێیەم(ی، مێ، ی، دێ، ۆ، و، ا)، کۆمەڵەی چوارەم (ە،دێ) هەروەها باسی کات ،نیشانەکانی ئەسپێکت، ڕێژەی کردارەکان ، کەس و ژمارە، نەرێکردن، بکەر نادیار، ناو لە ڕووی ناسراو و نەناسراو ، ناو لە ڕووی ژمارەوە، پلەکانی ئاوڵناو لە شێوەزاری ماچۆدا.

# بەشی یەکەم

## مۆرفۆسینتاکسی کردار،ناو،ئاوەڵناو

## بەشی یەکەم: مۆرفۆسینتاکسی کردار، ناو، ئاوەڵناو

## تەوەری یەکەم: مۆرفۆسینتاکس و کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی کردار

### پێناسەی مۆرفیسینتاکسی

هەموو ئەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژیانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسیان هەیە و چەمکەکانی ناسراو ،نەناسراو ژمارەی تاک و کۆ، ڕەگەز، دۆخ، کەس، ئەسپێکتن ...هتد .دەگرێتەوە مۆرفیمە ڕێزمانییە،وشە گۆرەکان دەیانوێنن بە واتایەکی تر مۆر فۆسینتاکس پرۆسەیەکە ،کەتایبەتی سینتاکس وشە فەرهەنگییەکان دەرەخسێنێت بۆشایاکانی پێکهاتەی فرێز و ڕستەکان بیرکاریانە لەڕێی گونجاندن هاتا بوونی پێکهێنەرەکانیەوە پردەکاتەوە تێگەیشتن دێتە ئاراوە.( قادر، ئەبو بکر عومەر:٢٠٠٣: ٢٨)

### پێناسەیەکی مۆرفیسنتاکس دەڵێت:

بەو ڕستانە دەگوترێت کە ((بەکەمترین کەرستەی زمان زۆرترین واتا دەگەیەنێت)) (بزرۆ، ئومێد بەرزان:٢٠١١:١٠٥)

هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا بەم شێوەیە پێناسەی مۆرفیسنتاکس کراوە.

چەمکی مۆرفیسنتاکس هەڵگری هەردوو ئاستی مۆرفۆ لۆژی و ئاستی سینتاکس لە نێو ئاستەکانی زماندا دەگەیەنێت کە زاراوەیەکی زمانییە پەیوەندی وتێکچڕانی دوو ئاستی زمان لەیەک ئاستدا کۆدەکاتەوە لەژێر ناوی ئاستی مۆرفیسنتاکسدا.( محی الدین، بازیان یونس (٢٠١٣:٩٤)

### لە پێناسەیەکی تری مۆرفیسنتاکسدا دەڵێت.

پێکهاتەیەکی ئاڵۆز تێکچڕاوە بە بەشداریکردنی مۆرفێمە وشە سازییەکان ومۆرفێمە ڕستە سازییەکان لە پێکهاتەیەکی ڕستەسازیدا کە هۆی پەیوەندییە سینتاکسیەکانەوە بە یەکترەوە بەستراون ئەم ڕستەیە بە ڕستەیەکی ناو کەتوو لە ناویکدا شکاوە ناودەبرێت.( حمە، یارا قادر: ٢٠١٣ :٧١ )

### کردار

کردار بە شێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن ، کە ڕوودانمی کاتی تێدایە، مەبەست لە ڕوودانەکە ، ئەوەیە کە شتێک ڕوویدابێت یان ئەنجام درابێت،مەبەستیش لەکاتی کاتی ڕانەبردوو دەگرێتەوە.( مارف، ئەورحمانی حاجی:٢٠٠٠)

پێناسەیەکی تری کردار ئەوە کە دەربڕینە بۆ ڕوودانی کارێک لەکاتی شوێنێکی تایبەتی دا.

(دزەیی: عبدالواحید موشیر:٢٠١٢:٨٠)

هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا پێناسەی کردار کراوە:

لە کردارێکی سادە گیرەکێکی دارشتن  کردارە سادەکەش لە ڕووی ڕۆنانەوە  لەم مۆرفیمانە پێکهاتووە، (ڕەگی کردار ، مۆرفێمی کەس ،جێناوی لکاوەکان ،مۆرفیمی کاتی ،ئەسپێکتەکان. (ئەحمەد، بێستوون حەسەن :٢٠٠٨: ٤٦)

## تاف :

کاتە گۆرییەکی ڕێزمانییە،پەیوەندییەکی جیاکەرەوەی ڕاستەوخۆی کاتە.(ئەبوبکر عومەر قادر:٢٠٠٣:٦٠)

پێناسەیەکی تری تاف ئەوەیە ،کە

ئەو کاتە گۆریەنە ،کە هەمیشە بە کردارەوەیە وهەموو ناوەڕۆکەکەشی لە مەودایە.(محمەدی مەحویی،:٩٢:٢٠١٠)

هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا ئەم جۆرە باسی تاف کراوە :

مۆرفێمەکانی  تاف هەمیشە بەشداری لە  دارشتنی دروستەی ناوەوەی کرداردەکەن ، کە گوزارشت لەکاتی ڕابوردوو یان ڕانەبوردوو دەکەن، لەبەر ئەوەیشە کات وەک بەشێکی پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی لە ژێر دەسەڵاتی چالاکی کرداردا جۆرە کاریگەریەک نیشان دەدەن، کەلە ڕێگەی گیرەکە ڕێزمانییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی دەچنە ژێر سایەی پێکهاتەیەکی سینتاکسییەوە . (محی الدین، بازیان یونس:٢٠٠٨)

تافی ڕابوردوو: ئەو تافە نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە، گو دەکەونە دوای ڕەگی کردارەوە.

نیشانەکانی تافی ڕابردوو لە بکەر دیاردا ئەمانەن (د، ت، ا، وو، ی)

نمونە: خواردەهات، ژیا، چوو، نووسی= کرداری ڕابردوو

هەروەها نیشانەی تافی رابردوو لە بکەرنادیاردا تەنها (ا)یە

نمونە: خورا، فرۆشرا، هێنرا.

نیشانەی تافی ڕانەبوردوو، لەدوای ڕەگی کرداری بکەردیاردا دەرناکەون.

نمونە: دەهێنم، دەبەم، دەکڕم.

لە کرداری رابوردووی بکەرنادیاردا نیشانەی (ێ) یە.(مجید، ئارام ڕەشید: قۆناغی سێیەم: ٢٠٢٣)

نیشانەی تافی ڕانەبوردوو لە بکەرنادیاردا (رێ)یە.

نمونە: دەهێنرێ، دەخوێنرێ، دەبینرێ.

## **کات :**

مەبەست لە کاتی فیزییکیە، کە دوێنێ ئەمڕۆ وسبەی دەگرێتەوە یاخود مەبەست لەو کاتەیە ،کەیەکەی پێوانی تایبەتی هەیە وەک (ماوە)بۆ چەسپاندنی ڕووداوێک ،بۆ نموونە ئەگەر پرسیار لە یەکێک بکرێت :

(هەڵمەت بە چەند کاژێر لە کەکووکەوە دەگەیتە سلێمانی ؟)،لە نێوان شارەکانی (کەرکووک سلێمانی)یە. (مستەفا ڕەزا مستەفا :٢٠١٩: ١٠٥)

## **کەس و ژمارە**

بەم جۆرە پێناسەی کەس کراوە :

لە زمانی کوردیدا سێ کەس لەگەڵ کردار دەرکەوێت پێویستە ئەوە بزانین کردار خۆی ناتوانێت ڕاستەوخۆ کەس دەبڕێت بەڵکو لە جێگای جێناوی لکاوەوە کەس دیاری دەکات .( مجید، ئارام ڕشید:قۆناغی یەکەم :٢٠٢٢)

هەروەها بەم جۆرە پێناسەی ژمارە کراوە:

لە زمانی کوردیدا ژمارە یان تاکە یان جووتە پێویستە بزانین، کە کردار خۆی ناتوانێت ژمارەدەرببڕێت بەڵکو لە ڕێگەی جێناوە لکاوەکانەوە ژمارەکان دیاری دەکەین. (مجید، ئارام ڕشید :قۆناغی یەکەم :٢٠٢٢)

لە زمانی کوردیدا چوار کۆمەڵەی جێناوی لکاو لەگەڵ کردار دێت کەس ژمارە بۆ کردارەکە دیاری دەکەین.

کۆمەڵەی أ:

| جێناوی لکاوەکان | ژمارە | کەس |
| --- | --- | --- |
| م – مان | تاک – کۆ | یەکەم |
| ت – تان | تاک – کۆ | دووەم |
| ی – یان | تاک – کۆ | سێیەم |

دووریم – دووریمان

دووریت – دووریتان

دووری – دورییان

کۆمەڵەی ب:

| حێناوە لکاوەکان | ژمارە | کەس |
| --- | --- | --- |
| م – ین | تاک – کۆ | یەکەم |
| یت – ن | تاک – کۆ | دووەم |
| $\theta$ – ن | تاک – کۆ | سێیەم |

ڕۆیشتم – ڕۆیشتین

ڕۆیشتیت – ڕۆیشتن

ڕۆیشت – ڕۆیشتن

کۆمەڵەی س:

| حێناوە لکاوەکان | ژمارە | کەس |
| --- | --- | --- |
| م – ین | تاک – کۆ | یەکەم |
| یت – ن | تاک – کۆ | دووەم |
| ات/ێت – ن | تاک – کۆ | سێیەم |

دەخۆم – دەخۆین

دەخۆیت – دەخۆن

دەخوات – دەخۆن

کۆمەڵەی د:

| حێناوە لکاوەکان | ژمارە | کەس |
| --- | --- | --- |
| – – – | – – – | – |
| ه – ن | تاک – کۆ | دووەم –دووە |

بنووسە – بنووسن

## ئەسپێکت

سروشتی کردەی کردارێک بە سەرەتایی ، ماوەی ، تەواو بوونی ،یان دووبارە بوونەوەی و بەبێ ئاماژەدان بە پێگەی لە کاتدا .

https//www.merrian-websher.com/dictionary /aspect

هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا بەم جۆرە پێناسەی ئەسپێکت کراوە:

لە زماندا ئەسپێکتەکانی پەیرەوێکی داخراون و لەگەڵ کردارەکاندا دێن. واتای ئەسپێکتی هاوبەشی لە زانیاری گۆشەنیگا دەکات ، واتە تێڕوانین دەکات کە بە هۆی ڕستەوە دەگوازرێتەوە ئەوەش پەیڕەوی ئەسپێکتە پێمان دەڵێت کام جۆری ڕووداو ،یان بارودۆخ قسەی لە بارەوە دەکرێت یان کراوە جگە لەوانە بە هۆی ئەسپێکتەوە تێڕوانیتەکان دەزانین و جیا جیاندەکاتەوە ، کەدەبێت جەخت لە سەر هەموویان بەشێک لە بارودۆخەکان بکاتەوە بە واتای ئەوەی ئەسپێکت تێڕوانینی کاتی بۆ ئێمە دەگوازرێتەوە.( عەلی، پێشڕەو ساڵح: ٢٠١٥:١١٧).

نیشانەکانی ئەسپێکت لە زمانی کوردیدا ئەمانەن :- ( $\theta$ ، وە/ووە، بوو ، دە ، وە )

-زرێوە وانەکەی نووسیوە.

-زرێوە وانەکەی نووسیبوو.

-زرێوە وانەکەی دەنووسی.

-زرێوە خانووەکەی فرۆشتووە.

* (زرێوە) بە واتای بریسکە دێت بۆ ناولێنانی (کچ) بە کارم هێناوە.

## ڕێژەی کردار

پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانی کردارەکانە، ئاماژەدەرە بەکۆمەڵێک واتای سیمانتیکی و سینتاکسی ، لە ڕووی سینتاکسییەوە بە هۆی فۆرمی شکاوەی کردارەکان، یان بە کارهێنانی یاریدەرەکان بەرجەستە دەکرێن، پەیوەندی کردار بە ڕاستی قسە کەرەوە پەسندەکات.ئەمەش بریتییە لە هەستی قسەکەر بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کەلە دەوروبەریدا ڕوودەدەن (ئەبوبکر عومەر قادر :٢٠٠٣: ٦٧)

هەروەها لە سەر چاوەیەکی تردا بەم جۆرە باسی ڕێژەی کردار کراوە:

پێرەوی ڕێژەی کردار ،وەک پێرەوی تافکەی ، بە جۆرێکی سەرەکیی دووپەلکییەو بریتییە لە (١)ڕێژەی دڵنایی بە ڕاستیی بیکات (یەقینەوە)ەوە لەگەڵ(ب) ڕێژەی گومان. (محمدی مەحویی:٢٠١١ :١٩٩)

لەسەرچاوەیەکدا بەم جۆرە باسی ڕێژەی هەواڵی کراوە:

بەو ڕێژەیە دەوترێت کە ڕاستەخۆ ڕوودانی کردارە نیشاندەدات ڕوودانی کردارش دەخاتە پاڵ کەسێک یان شتێک.( خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا : ٢٠٠٩:١٠)

یاساکانی شێوازی ڕێژەی ڕابوردووی هەواڵی:

١-ڕێژەی ڕابوردووی نزیکی هەواڵی :چاوگ -/-ن/

خوێندن- /-ن ← خوێند

هێنان- /-ن ← هێنا

٢- ڕێژەی ڕابردووی دووری هەواڵی : قەد + /- بوو /

کڕی + /- بوو/ ← کڕیبوو

چوو+ /-بوو/ ← چووبوو

٣- ڕێژەی ڕابوردووی تەواوی هەواڵی: قەد + /-ووە ، -وە/

برد + /-ووە/ ← بردووە

سووتا+/-وە / ← سووتاوە

٤- ڕێژەی ڕابووردووی بەردەوامی هەواڵی : /دە-/ + قەد

/ دە- / + فڕی ← دەفڕی

/ دە- / + مرد ← دەمرد

٥- ڕێژەی ڕانەبوردووی هەواڵی : /دە- / نیشانەی ڕانەبوردووی هەواڵیە:

/ دە- / +ڕەگی کردار + جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم(م - ین ، یت - ن ، ات/بێت- ن )

خوێندن ← /دە- /+خوێن + م - ین + دەخوێنم - دەخوێنن

یت - ن دەخوێنێت - دەخوێنن

ات/ێت - ن دەخوێنێت - دەخوێنن

چوزاندن ← /دە-/ چووزێن + م - ین + دەچووزێن

یت - ن

ات/ێت - ن

دەچووزێنم – دەچووزێنین

دەچووزێنیت – دەچووزێنن

دەچووزێنێت – دەچووێنن

## چەند پێناسەیەک بۆ ڕێژەی دانانی کراوە:

ئەو ڕێژەیەی کرداره ، کەڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی کە دەیداتە پاڵ کەسێک یان شتێک نایدات بە دەستەوە ، بەڵکو لە شێوەی (گومان ، ئارەزوو ،....هتد) مەبەستەکەی دەردەکەوێت واتە لەم ڕێژەیەدا وشەکانی (خۆزگا ، بڕیا ،دەبوایە ،دەیوو ، دەبێت،....هتد) لە ڕستەکەدا بە کاردەهێنرێت.(خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا :٢٠٠٩:٧٤)

ئەو جۆرە کردارانەوە دەگرێتەوە کە بابەتێک هەست و نەستی قسەکەر بەرمبەر بە ڕووداوێک یان بۆ مەبەستی ئارەزووشک و گومان جۆری کردارەکان بەکاردەهێنرێت. (ئەحمەد، سیروان سمین :قۆناغی چوارەم :٢٠٢٣)

## یاساکانی شێوازی ڕێژەی دانانی

١- ڕێژەی ڕابووردووی نزیکی دانانی : قەد + /- با/

/با-/ : نیشانەی ڕابووردووی نزیکی دانانییە.

خوێند + / – با / ⟵ خوێندبا

نارد + – با / ⟵ ناردبا

٢- ڕێژەی ڕابووردووی دووری دانانی : قەد + / -بووبا /

/ -بووبا / نیشانەی ڕابوردووی دووری دانانییە .

هات + /- بووبا / ⟵ هاتبووبا

کەوتن + کەوت + / – بووبا / ⟵کەوتبووبا

٣- ڕێژەی ڕابوردووی تەواوی دانانی : قەد + / -بێت /

/ – بێت / نیشانەی ڕابوردووی تەواوی دانانییە

ویست + / – بێت / ⟵ ویستبێت

کێڵا + /- بێت / ⟵ کێڵابێت

٤- ڕێژەی ڕابوردووی بەردەوامی دانانی : / ب – / + قەد +/ بایە /

/ ب- / و / - بایە / نیشانەی ڕابوردووی بەردەوامی دانانییە.

بکۆکیبا ، بسپاردبایە

٥- ڕێژەی ڕابردووی دانانی : / ب- / ڕەگی کردار + م - ین

یت - ن

ات/ێت - ن

خستن :/ب-/ +خە + م - ین + بخەم- بخەین

ین - ن بخەیت - بخەن

ات/ێت - ن بخات - بخەن

**ڕێژەی داخوازی** :- کەرستەی پێکهێنانی بریتییە لە ڕەگی کاتی ڕانەبردووی و نیشانەی (ب) لە پێشەوەیە و جێناوی کەسی لکاو لە دواوەیە (ە) بۆ کەسی دووەمی تاک، (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ.( ئاوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٥٧:٢٠١٤)

یاساکانی شێوازی ڕێژەی داخوازی :

ڕێژەی داخوازی : / ب- / + ڕەگی کردار (ە ، ن )

/ب - / نیشانەی کرداری داخوازییە.

شووتن: / ب- / + شۆ + بشۆرن

نووسین : / ب- / + نووس + بنووسە

## <u>چەشنەکانی کردار</u>

بکەر دیار لە زمانی کوردیدا زمان ناسان کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ بکەردیاری دیارکردووە، کە هەرهەموویان لە چوارچێوەی یەک بنەما کۆدەبنەوە، ئەویش دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی (بکەر)ەکەیە لەناوڕستەدا، وەکو دەشزانین کە ئەم جۆرە (بکەر)ە، یان (ناوە)، یاخود (جێناوە)ە، کە ناوڕستەدا بەرپەڕاندنی ئەرکی خۆی هەڵدەستێت((فۆرمی کارا دیار نیشانی دەدا، پرۆشێتی دیاری کردنی کردار لەو شتەوە دێ ،کە بۆ ئەو وشەیە کرابێت و لەگەڵیدا فۆرمی کردارەکە هاوجووت پێ ولێیەوە بەرو ناوەوە بچێت)) (مارف، عبدوالرحمانی حاجی٣١٥:٢٠٠٠).

بۆ زیاترڕوون کردنەوە با سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین:

- <u>سازان</u> هەنارەکەی خوارد.
- <u>من</u> چووم بۆ بازاڕ.
- دەرگاکەم کردەوە.

بکەر نادیار چەند پێناسەیەکی بۆکراوە :

مۆرفێمی /- ر/ وەک تاکە مۆرفێمێکی سەرەکی نادیار ئەرکی لاوازکردن و بێهزکردنی توانای کردار ئەنجامدەدات، بە مەبەستی خستنەڕووی چۆنیەتی دەرکەوتن و فۆرمە جیاوازەکانی ئەم مۆرفێمە.( برزو، ئومێد بەرزان: ٢٠٨:٢٠٢٠)

هەروەها لەسەر چاوەیکی تر بەم جۆرە پێناسەی بکەر نادیار کراوە:
دەستووری گشتی هەموو زمانێک لە گۆرینی ڕستەیەکی کارادیار بۆ کارا بزر بریتیە لە دەرهاوێشتنی کارا سپاردنی ئەرک بە بەرکار. (ئەورەحمانی حاجی مارف:٣٢٣:٢٠٠٠)
یاساکانی کرداری بکەر نادیار
بۆ ڕابوردوو : ڕەگی کردار + / ./ + /– ا / +/–ر/+/–ا/
/ – ر/ :نیشانەی بکەر نادیار.
/– ا /:نیشانەی تافی ڕابووردووە.
هێنان: هێن + /ر–/ + /– ا / ⟵ هێنرا
بینین: بین + / ر–/ + /– ا /⟵ بیـنرا
بۆ ڕانەبوردوو: / دە – / + ڕەگی کردار + (–ا + / –ێ /)
/ دە –/ :نیشانەی کرداری ڕانەبردووە.
/ ر– / :نیشانەی بکەر نادیارە.
/–ێ/ : نیشانەی تافی ڕانەبردووە.
بردن : / دە–/ + بە + /ر–/ + ێ –/ ⟵ دەبرێ
فرۆشتن: /دە / + فرۆش +/ر–/+ێ–/ ⟵ دەفرۆشرێ

**جەمسەریی**

مەبەست لە جەمسەریی (ئەرێ) و (نەرێ)ی کردارە هەرکردارێک جەمسەریی خۆی هەیە، واتە هەرکردارێک یان دەبێتە ئەرێ بێت یان دەبێت نەرێ بێت ، واتە هیچ کردارێک نییە لە یەک کاتدا هیچیان نەبێت، هەروەها هیچ کردارێک نییە لەیەک کاتدا هەم ئەرێ بێت، هەم نەرێ بێت.
هەر کردارێک نەرێ نەبێت ئەوە ئەرێیە ،نەرێ نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە،بەڵام ئەرێ نییەتی، بۆیە هەر کردارێک نیشانەی نەڕێ پێوە نەبوو ئەوەئەرێیە. (مجید، ئارام رشید :قۆناغی یەکەم:٢٠٢٢)

**ناکردن:**

چەند پێناسەیەک بۆ نەرێ کراوە لەوانە :
ناکردنی کردەیەکی زمانی یە ، ئەرکی جێیەجێکردن و ڕەتکردنەوەی بەشێک یان ڕستەیەک.
(سعید، تارا عبدوڵا:١٩٨٨: ٨٣)
پێناسەیەکی تری نەرێ دەڵێت :
کردەیەکی زمانەوانییە ،جگە لە ئەرکی سەرەکی نەکردن و بەرپەرچدانەوەی بەشێکی ڕستە یان هەموو ڕستەکەیە، لە هەندێ زماندا(بۆ نموونە زمانی کوردی) ئەرکی پێچەوانەیی، بەراوردی،یەکسەر، سووربوون ،پێداگرتن ،دوودڵی بەجێ دەهێنێت . ئەم کردەیە لە زمانی کوردیدا بە دانانی نیشانەکانی نەرێی پێش کارێک کردەیەک لە زمانی کوردیدا بە دانانی نیشانەکانی نەرێی پێش کارێک یان ناوێک یان ئاوڵناوێک ئەنجام دەدرێت.
(ڕەسوول، عەبدوڵلا حوسێن : ١٩٩١:٥)
هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا بەم جۆرە پێناسەی نەرێ کراوە .

ئەو کردەیەیە، کە ڕستە یان یەکەیەکی تر بۆ فۆرمی نەرێ دەگۆڕێت.( ئەحمد، کەوسەر عزیز: ١٩٩٠:لان)

نیشانەکانی نەرێ لەزمانی کوردیدا زاری کرمانجی ناوەڕاست ،ئەمانەن:( نە ، مە ،نا ، نی)

١-نە: لەگەڵ ئەم کردارانە بەکاردێت.

أ-کرداری ڕابوردووی هەواڵی :

هەستیار وانەکەی خوێند. ⟵ هەستیار وانەکەی نەخوێند.

هەستیار وانەکەی خوێندبوو. ⟵ هەستیار وانەکەی نە خوێندبوو.

هەستیاروەنەکەی خوێندووە. ⟵ هەستیار وانەکەی نەخوێندووە.

هەستیار وانەکەی دەخوێند. ⟵ هەستیار وانەکەی نەخوێند.

ب- کرداری ڕابوردووی دانانی :

لەوانەیە هاتبا. ⟵ لەوانەیە نەهاتبا.

لەوانەیە هاتبووبا. ⟵ لەوانەیە نەهاتبووبا.

لەوانەیە هاتبێت. ⟵ لەوانەیە نەهاتبێت.

لەوانەیە بهاتبایە. ⟵ لەوانەیە نەهاتبایە.

ج- کرداری ڕانەبوردووی دووری دانانی:

دەکرێت میوەکە بخۆم؟ ⟵ دەکرێت میوەکە نەخۆم؟

دەکرێت میوەکە بخۆین؟ ⟵ دەکرێت میوەکە نەخۆین؟

دەکرێت میوەکە بخۆیت؟ ⟵ دەکرێت میوەکە نەخۆیت؟

دەکرێت میوەکە بخۆن؟ ⟵ دەکرێت میوەکە نەخۆن؟

دەکرێت میوەکە بخوات؟ ⟵ دەکرێت میوەکە نەخوات؟

دەکرێت میوەکە بخۆن؟ ⟵ دەکرێت میوەکە نەخۆن؟

٢- نا: لەگەڵ کرداری ڕانەبوردووی هەواڵی بەکاردێت.

من کتێب دەکڕم. ⟵ من کتێب ناکڕم.

ئێمە کتێب دەکڕین. ⟵ ئێمە کتێب ناکڕین.

تۆ کتێب دەکڕیت. ⟵ تۆ کتێب ناکڕیت.

ئێوە کتێب دەکڕن. ⟵ ئێوە کتێب دەکڕن.

ئەو کتێب دەکڕێت. ⟵ ئەو کتێب ناکڕێت.

ئەوان کتێب دەکڕن. ⟵ ئەوان کتێب دەکڕن.

٣-مە: لەگەڵ کرداری داخوازی بەکاردێت.

خانووەکە بفرۆشە. ⟵ خانووەکە مەفرۆشە.

خانووەکە بفرۆشن. ⟵ خانووەکە مەفرۆشن.

٤- نی : لەگەڵ کرداری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا بەکاردێت.

ئاوەکە فێنکە. ←—— ئاوەکە فێنک نییە.

٥- نابێت: لەگەڵ کرداری ناتەواو بۆ دەمی داهاتوو بەکاردێت.

منداڵەکە دەبێت.←——منداڵەکە لە دایک نابێت.

## <u>هێزی کردار</u>

لەزمانی کوردیدا نووسەران وزمانەوانان چەندین پێناسەیان بۆ کرداری تێپەڕ وتێنەپەڕ کردووە، دەتوانین بڵێن هەموو پێناسەکان لە چواردەوری یەک چەمکدا کۆدەبێتەوە:

کرداری تێنەپەڕ: ئەو کردارەیە کە کاریگەری هێزەکەی لە بکەرەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر کەرەستەیەکی تر، بەرکاری ڕاستەخۆیە.( وەهبی، توفێق : ٤٢:١٩٢٩ )، (ئەمین، نووری عەلی ١٩٦٠: ٦١)

بۆ نموونە

خواردنەکەم خوارد .

دڵکۆ تۆپەکەی وەشاند.

کرداری تێنەپەڕ چەندین پێناسەی بۆ کراوە.

کرداری تێنەپەڕ ڕوودان بە کاراوە ڕادەگەیەنن ، وە ئەم جۆرە کردارە پێویستییان بە بەرکار نییە. (حاجی مارف،ئاوڕەحمانی حاجی مارف: (٤٦:٢٠٠٠)

لەسەر چاوەیەکی تردا بەم جۆرە پێناسەی کرداری تێنەپەڕ کراوە:

کرداری تێنەپەڕ ئەو کردارەیە کە بەتەنیا دەتوانێت واتای ڕستەیەک تەواو بکات و ئەرکی لە بکەری کردارەکە تێناپەڕینە سەر کەسێک یان شتێکی تر.

-کچەکە هات .

-کتێبەکە مەفرۆشە.

(لیژنەی وەزارەتی پەروەردە: ٢٠٢٣:١٠٨)

### تەوەری دووەم: کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ناو و ئاوەڵناو

### بەشە ئاخاوتنی ناو  لە زمانی کوردیدا بەسەر تاک ، کۆ دابەش دەکرێت بەم شێوەیە:-

أ- ناوی تاک: بەو ناوە دەگوترێت کە بۆ تاکە کەسێک بە کاردێت .( خۆشناو، نەریمانی عبدولاّ: ١٢:٢٠٠٩)

بۆنموونە :کوڕ ، کچ ، کتێب ، دەرگا .......هتد.

ب- ناوی کۆ : ئەو ناوانە دەوترێت کە بۆ کۆمەڵە کەسێک یاخود کۆمەڵە شتێک بە کاردێن . کە لە دووشت یان دووکەس زیاترن لە زمانی کوردیدا بە هۆی نیشانەی تایبەتەوە.

(نەریمانی عەبدوڵڵا خۆشناو:٢٠٠٩:١٢)

ناوێک لە تاکەوە دەگۆڕدرێت بۆ کۆ بەم شێوەی خوارەوە:

کوڕ + ان........ کوڕان

کچ + ان......... کچان

پیاو + ان......پیاوان
داپیر + ان.....داپیران
باپیر + ان .......باپیران
ناو + نیشانەی ناسراو + بەم شێوەیە : ژن + /ەکە/= ژنەکە
ناو + نیشانەی ناسراوە+ بەم شێوەیە: منداڵ +/ەکە/= منداڵەکە
کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ناو لە ڕووی ناسینەوە دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر **مۆرفێمی بەندی ناسراو و نەناسراو:**

مۆرفێمی بەندی ناسراو ، چەمکی ناسراو کردەیەکی زمانییە کە دەشێت لە مۆرفێمێک یان زیاتر لە مۆرفێمک پێکبێت لە چوارچێوەی فرێز و ڕستە باری ڕێزمانی دەگۆڕێت ، ناسراوی ئەو نیشانەیە ، کە بە دوای ناو ، یان ئاوڵناوەوە دەلێکێنرێت ، بەڵام لەگەڵ ناودا چالاکترە ، بە تایبەتی لەگەڵ ناوی گشتی کاتێک ناسراو دەکرێت بە لای قسەکەر و گوێگرەوە ، ئاشکرا دەبێت . هەرچی لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا ناتوانرێت خۆی بنوێنێت ، (حاجی مارف،ئاوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤ : ١٩٧ )
هەروەها بەم جۆرە پێناسەی مۆر فێمی بەندی ناسراو،کراوە :
نیششانەی نە ناسراوی لەو کاتانەدا بە کاردێت کە لە شتێک ،یان کەسێک دەدوێن ، بۆ جیاکردنەوەی شتێک ، یان کەسێک لە نێوان کۆمەڵێکی وەک خۆیدا .(دەلۆ، لەیلا جەلیل عەباس : ٢٠٢١: ٧٠)
- ناو + نیشانەی نەناسراو + بەم شێوەیە :بووک /ێک-/=بووکێک
- ناو + نیشانەی نەناسراوی + بەم شێوەیە: خوشک /ێک-/=خوشکێک

**پلەکانی ئاوڵناو**

چەند پێناسەیەک بۆ ئاوڵناو کراوە .لەوانە شتێکە وەسفی ناو ، یان ڕاناو دەکات .
( هەورامانی، محەمەد ئەمین: ١٩٧٣ : ١٦٣)
لە سەر چاوەیەکی تردا بەم جۆرە پێناسەی ئاوڵناو کراوە:
بەشێکی ئاخاوتنە شێوەو جۆری شت پیشان دەدات وە بەکاتەوە نەبەستراوە ، مرۆڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکانی خۆی بە ئاوڵناوی دەردەبڕێت، کەوەسفی بارودۆخ وکەس و شت دەکات، مرۆڤ لەو ڕێگایانەوە هەست و هەڵوێستی خۆی پێ دەردەبڕێت. (دزیی، عبدولواحید موشیر: ٧٣:٢٠١٣)
یەکێکی تر لە خاسیەتەکانی ئاوڵناو بوونی پلەیە ئەویش پلەکانی بەراوردو باڵان.
١- پلەی بەراورد (تر)
جوان ⟵ جوانتر
پاک ⟵ پاکتر

پلەی باڵا (ترین)
نەرم ⟵ نەرمترین
گەرم ⟵ گەرمترین

# بـــەشی دووەم

# مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری ماچۆدا

## بەشی دووەم / مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری ماچۆدا

## تەوەری یەکەم : کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی کردار لە شێوەزاری ماچۆدا

لە شێوەزاری ماچۆدا یەک دەستەی جێناوی سەربەخۆ هەیە کە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکار دێت.

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | ئێمە |
| دووەم | توو | شمە |
| سێیەم | ئەو | ئەوشان |

وشەی سادە

(ش.م) (د.ن)

من نان مۆری. - من نان دەخۆم.

ئێمە نان مۆرم(مۆرمێ). - ئێمە نان دەخۆین.

توو نان مۆری. - تو نان دەخۆیت.

شمە نان مۆردێ . - ئێوە نان دەخۆن.

ئەو نان مۆرۆ. - ئەو نان دەخوات.

ئەوشان نان مۆرا. - ئەوان نان دەخۆن.

وشەی نادە

(ش.م) (د.ن)

من ورمەپەڕی. - من هەڵدەپەڕم.

ئێمە ورمەپەڕمێ(وەرمەپەرم). - ئێمە هەڵدەپەڕین.

توو ورمەپەڕی. - تو هەڵدەپەڕیت.

شمە ورمەپەڕدێ. - ئیوە هەڵدەپەڕن.

ئەو وڕمەپەرۆ. - ئەو هەڵدەپەڕێت.

ئەوشان وڕمەپەرا. - ئەوان هەڵدەپەڕن.

(ش.م) ( د.ن)

من ورم وەن . – من هەڵم خسن.

ئێمە ورمان وەن . – ئێمە هەڵمان خست.

توو ورت وەن . – تۆ هەڵت خست.

شمە ورتان وەن. – ئێوە هەڵتان خست.

ئەو ورش وەن. – ئەو هەڵی خست.

ئەوشان ورشان وەن. – ئەوان هەڵیان خست.

وشەی نادادە

(ش.م) (د.ن)

من بەرزم کەرد. – من بەرزم کرد.

ئێمە بەرز کەرد. – ئێمە بەرزمان کرد.

توو بەرزت کەرد. – تۆ بەرزت کرد.

شمە بەرزتان کەرد – ئێوە بەرزتان کرد.

ئەو بەرزش کەرد. – ئەو بەرزی کرد.

ئەوشان بەرزشان کەرد. – ئەوان بەرزیان کەرد.

## لە شێوەزاری ماچۆدا چوار کۆمەڵە جێناوی لکاومان هەیە

کومەڵەی یەکەم لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێپەڕدا بەکاردێت

| ژمارە | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مان |
| دووەم | ت | تان |
| سێیەم | ش | شان |

(عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٢٠٢٢:٦٠)

وشەی سادە

(ش.م) (د.ن)

بەردم – بردم

بەردمان – بدرمان

بەردت – بردت

بەردتان – بردتان

بەردش – بردی

بەردشان – بردیان

وشای سادە

(ش.م) (د.ن)

سەنم – کڕیم

سەنمان – کڕیمان

سەنت – کڕیت

سەنتان – کڕیتان

سەنش – کڕی

سەنشان – کڕییان

وشای سادە

(ش.م) (د.ن)

واردم – خواردم

واردمان – خواردمان

واردت – خواردت

واردتان – خوارتات

واردش – خواردی

واردشان – خواردیان

له شێوەزاری ماچۆدا جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێنەپەڕ بەکاردێت

| ژمارە | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | نا | نمێ |
| دووەم | نی | ندێ |
| سێیەم | Ø/ ن | نێ |

(عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٦٣:٢٠٢٢)

وشەی سادە

(ش.م) (د.ن)

کەفتنە(کەفتنا) - کەوتم

کەفتنمێ - کەوتین

کەفتنی - کەوتیت

کەفتندێ - کەوتن

کەیفت،کەفتن - کەوت

کەفتننێ - کەوتن

وشەی سادە

(ش.م) (د.ن)

ڕمیانا،ڕمیانە - بەرەوەبووم

ڕمیانمێ - بەرەوەبووین

ڕمیانی - بەرەوەبوویت

ڕمیاندێ - بەرەوەبوون

ڕمیا،ڕمیان - بەرەوەبوو

ڕمیانێ - بەرەوەبوون

*هەندێ جار بۆ سووکی زمان لەجیاتی بڵێین من ڕمیانا دەڵێن من ڕمیانە.

وشەی سادە

(ش.م) (د.ن)

من لوانا. - من ڕۆیشتم.

ئێمە لوانمێ. - ئێمە ڕۆیشتین.

توو لوانی. - تۆ ڕۆیشتیت.

شمە لۆاندێ. - ئێوە ڕۆیشتن.

ئەو لوا، لوان. - ئەو ڕۆیشت.

ئەوشان لوانێ. - ئەوان ڕۆیشتن.

وشەی ناسادە

(ش.م) (د.ن)

وەستانەرە - دابەزیم

وەستانمێرە - دابەزین

وەستانیرە - دابەزیت

وەستاندێرە - دابەزین

وەستانەرە - دابەزی

وەستانێرە - دابەزین

(ش.م) (د.ن)

بەرکریانا - دەرچووم

بەرکریانمێ - دەرچووین

بەرکریانی - دەرچوویت

بەرکریاندێ - دەرچوون

بەرکریا، بەرکریان - دەرچوو

بەرکریانێ - دەرچوون

(ش.م) (د.ن)

من بینیادەمەن    –    من مرۆڤم

ئێمە بنیادەمەنمیَ –    ئێمە مرۆڤین

توو بنیادەمەنی    –    تۆ مرۆڤیت

شمە بینیادەمەندێ  –    ئێوە مرۆڤن

ئەو بینیادەمەن    –    ئەو مرۆڤە

ئەوشان بینیادەمەنێ –  ئەوان مرۆڤن.

وشەی ناسادە:- ئامایەرە(کاکەیی، هەردەوێل ،٢٠١٨ : ١٢٦).

(ش.م)            (د.ن)

من ئامانەرە.   –    من ڕاهاتم.

ئێمە ئامانمێرە.  –    ئێمە ڕاهاتین.

توو ئامانیرە.    –    تۆ ڕاهاتیت.

شمە ئاماندێرە.   –   ئێوە ڕاهاتن.

ئەو ئامانەرە.    –    ئەو ڕاهات.

ئەوشان ئامانێرە.  –   ئەوان ڕاهاتن.

پێشگرەکەی کرمانجیی ناوەڕاست /-ڕا/ بووەتە بەپاشگری شێوەزاری کرمانجیی ماچۆ/-ەرە/.

لە شێوەزاری ماچۆدا جێناوی لکاوی کۆمەڵەی سێیەم لەگەڵ کرداری ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت.

## **یاسای ڕانەبوردوو**

مە+ڕەگی کردار +جێناوی لکاوی کۆمەڵەی سێیەم

| ژمارە | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | ی | میَ |
| دووەم | ی | دیَ |
| سێیەم | ۆ،و | ا |

(عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٢٠٢٢:٦٤)

کرداری تێپەڕ

(ش.م) (د.ن)

من نان مۆری. – من نان دەخۆم.

ئێمە نان مۆرێ. – ئێمە نان دەخۆین.

توو نان مۆری. – تۆ نان دەخۆیت.

شمە نان مۆردێ. – ئێوە نان دەخۆن.

ئەو نان مۆرۆ. – ئەو نان دەخوات.

ئەوشان نان مۆرا. – ئەوان نان دەخۆن.

کرداری تێنەپەڕ

(ش.م) (د.ن)

من مەی. – من دێم.

ئێمە مەیمێ. – ئێمە دێین.

توو مەی. – تۆ دێت.

شمە مەیدێ. – ئێوە دێن.

ئەو مەیەو. – ئەو دێت.

ئەوشان مەیا. – ئەوان دێن.

ئەو مەیەو – ئەو دێت

کۆمەڵەی سێیەم لەشێوەزاری ماچۆدا لەگەڵ کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ جێناوی لکاوی بۆ کەسی سێیەمی تاک (و) بەکارهێنراوە لەبەر ئەوەی ڕەگی کردار کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتووە .

وشەی ناسادە

(ش.م) (د.ن)

من چە یۆشیۆم مەلی. – من لە هۆشخۆم دەچم.

ئێمە چە یۆشیۆمان مەلمێ. -   ئێمە لە هۆشخۆمان دەچین.

توو چە یۆشیۆت مەلی.  -     تۆ لە هۆشخۆت دەچیت.

شمە چە یۆشیۆتان مەلدێ. -   ئێوە لە هۆشخۆتان دەچن.

ئەو چە یۆشیۆش مەلۆ.   -    ئەو لە هۆشخۆی دەچێت.

ئەوشان چەیۆشیۆشان مەلا. -  ئەوان لە هۆشخۆیان دەچن.

*لە شێوە زاری ماچۆدا  جێناوی لکاوی کۆمەڵەی چوارەم لەگەڵ کرداری داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت:

یاسا: مۆرفێمی ڕێژەی داخوازی ب+ڕەگی کار + جێناوی لکاو (ە،دێ)

| جێناوی لکاو | کەس | ژمارە |
| --- | --- | --- |
| ە | دووەم | تاک |
| دێ | دووەم | کۆ |

(عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٢٠٢٢:٦٤)

کرداری تێپەڕی (وشەی سادە)

(ش.م)          (د.ن)

توو کەلپەل بوورازە.    -    تۆ جل بدوورە.

شمە کەلپەل بوورازدێ.  -    ئێوە جل بدوورن.

(ش.م)          (د.ن)

توو سێو بۆرە.   -  تۆ سێو بخۆ.

شمە سێو بۆردێ.  -  ئێوە سێو بخۆن.

(ش.م)          (د.ن)

توو کتاب بسانە.   -   تۆ کتێب بکڕە.

شمە کتاب بساندێ. -  ئێوە کتێب بکڕن.

(ش.م)          (د.ن)

توو دارەکە بشکنە.   -   تۆ دارەکە بشکێنە.

شمە دارەکە بشکندێ. - ئێوە دارەکە بشکێنن.

کرداری تێنەپەڕ

(ش.م) (د.ن)

توو بلە. - تۆ بڕۆ.

شمە بلدێ. - ئێوە بڕۆن.

(ش.م) (د.ن)

توو بکەفە. - تۆ بکەوە.

شمە بکەفدێ. - ئێوە بکەون.

(ش.م) (د.ن)

توو بیسە. - تۆ بخەوە.

شمە بیسدێ. - ئێوە بخەون.=

وشەی ناسادە

(ش.م) (د.ن)

توو دەم بشۆرە. - تۆ دەم بشۆ.

شمە دەم بشۆردێ. - ئێوە دەم بشۆن.

(ش.م) (د.ن)

توو چەمچەکەت بەرکەرە. - تۆ کەوچکەکەت دەربکە.

شمە چەمکەکەتان بەرکەردێ. - ئێوە کەوچکەکەتان دەربکەن.

*جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک لەشێوەزاری ماچۆدا دەردەکەوێت بەڵام لەکرمانجیی ناوەڕاست دەرناکەوێت.

*کەس وژمارە لە شێوەزاری ماچۆدا

أ- کۆمەڵەی یەکەم

<u>جێناوی لکاوەکان</u> <u>ژمارە</u> <u>کەس</u>

| | | |
|---|---|---|
| م – مان | تاک – کۆ | یەکەم |
| ت – تان | تاک – کۆ | دووەم |
| ش – شان | تاک – کۆ | سێیەم |

(ش.م) (د.ن)

وانام – وانامان (خوێندم – خوێندمان)

وانات – واناتان (خوێندت – خوێندتان)

واناش – واناشان (خوێندی – خوێندیان)

ب– کۆمەڵەی دووەم

| <u>جێناوە لکاوەکان</u> | <u>ژمارە</u> | <u>کەس</u> |
|---|---|---|
| نا– شنمێ | تاک – کۆ | یەکەم |
| نی– ندێ | تاک – کۆ | دووەم |
| Øن – نێ، | تاک – کۆ | سێیەم |

(ش.م) (د.ن)

کەفتنا – کەفتنمێ (کەوتم، کەوتین)

کەفتنی – کەفتندی (کەوتیت ، کەوتن)

کەفت،کەفتن – کەفتنێ (کەوت ، کەوتن)

پ– کۆمەڵەی سێیەم

| <u>جێناوە لکاوەکان</u> | <u>ژمارە</u> | <u>کەس</u> |
|---|---|---|
| ی، می | تاک، کۆ | یەکەم |
| ی، دێ | تاک، کۆ | دووەم |
| ۆ،و | تاک، کۆ | سێیەم |

(ش.م) (د.ن)

مەشکنی – مەشکنمێ (دەشکێنم – دەشکێنین)

مەشکنی – مەشکندێ (دەشکێنیت – دەشکێنن)

مەشکنۆ – مەشکن (دەشکێنێت – دەشکێنن)

ت – کۆمەڵەی چوارەم

| جێناوە لکاوەکان | ژمارە | کەس |
| --- | --- | --- |
| - | | |
| ە دێ | تاک - کۆ | دووەم – دووەم |
| - | | |
| (ش،م) | | (د.ن) |

بوورەشە – بوورەشدێ (بفرۆشە – بفرۆشن).

## تەوەری دووەم : تاف و ڕێژە لە شێوەزاری ماچۆدا

لەبەرئەوەی هەتا ئێستا جۆرەکانی چاوگی لەشێوەزاری ماچۆدا نەتوانراوە دیاریبکرێت، بۆیە نەمانتوانیوە لەم توێژینەوەیەدا نیشانەکانی تافی ڕابردوو دیاریبکەین

### کات لەشێوەزاری ماچۆدا:

سێ جۆرە کات هەیە لەشێوەزاری ماچۆدا، لەوانە:

١- توو بلە. (تۆ بڕۆ.) ← کاتی ڕابوردووە.

٢- ئێستا توو بلە. (ئێستا تۆ بڕۆ.) ← کاتی ئێستایە.

٣- کەمێ تر توو بلە. (کەمێکی تر تۆ بڕۆ.) ← کاتی داهاتووە.

١-وانەکەم وانان. (وانەکەم خوێندووە.) ← کاتی ڕابردووە.

٢-ئێستە وانەکە مەوانی. (ئێستا وانەکە دەخوێنم.) ← کاتی ئێستایە.

٣- سەعاتێ تر وانەکە مەوانی. (کاتژمێرێکی تر وانەکە دەخوێنم).← کاتی داهاتووە.

*نیاشانەکانی ئەسپێکت لەشێوەزاری ماچۆ ئەمانەن (Ø ،ێ،ەن/ان،وی).

(ش.م) (د.ن)

هێڤار شیرەکەش وارد. – هێڤار شیرەکەی خوارد.

هێڤار شیرەکەش واردەن. – هێڤار شیرەکەی خواردووە.

هێڤار شیرەکەش واردەوی. – هێڤار شیرەکەی خواردبوو.

هێڤار شیرەکەش وەرێ. – هێڤار شیرەکەی دەخوارد.

(ش.م) (د.ن)

هۆرڤان وانەکەش نووسنا. – هۆرڤان وانەکەی نووسی.

هۆرڤان وانەکەش نووسێ. – هۆرڤان وانەکەی دەنووسی.

هۆرڤان وانەکەش نووسناوی. – هۆرڤان وانەکەی نووسیبوو.

هۆرڤان وانەکەش نووسنان. – هۆرڤان وانەکەی نووسیوە.

## <u>ڕێژەی کردارەکان لەشێوەزاری ماچۆدا</u>

١-ڕابوردووی نزیکی هەواڵی لەگەڵ کرداری تێپەڕ کۆمەڵەی یەکەم

م – مان

ت – تان

ش – شان

یاسا: قەدی چاوگ +جێناوی لکاو کۆمەڵەی یەکەم

وشەی وارد (خوارد)

(ش.م) (د.ن)

واردم – خواردم

واردمان – خواردمان

واردت – خواردت

واردتان – خواردتان

واردش – خواردی

واردشان - خواردیان

ڕابوردووی نزیکی هەواڵی لەگەڵ کرداری تێنەپەڕ کومەڵەی دووەم

نا - نمێ

نی - ندێ

Ø،ن- نێ

یاسا: قەدی چاوگ+جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم

(ش.م) (د.ن)

لەوانا - ڕۆیشتم

لەوانمێ - ڕۆیشتین

لەوانی - ڕۆیشتیت

لەواندێ - ڕۆیشتن

لەوان،لەوا - ڕۆیشت

لەوانێ - ڕۆیشتن

٢- ڕابوردووی تەواوی هەواڵی لەگەڵ کرداری تێپەڕ

قەدی چاوگ+(ەن/ان) + کۆمەڵەی یەکەم: م - مان

ت - تان

ش - شان

(ش.م) ( د.ن)

بەردەم - بردوومە

بەردەنمان - بردوومانە

بەردەنت - بردووتە

بەردەنتان - بردووتانە

بەردەنش - بردوویە

بەردەنشان  -  بردوویانە

(ش.م)          ( د.ن)

وانانم    -    خوێندوومە

وانانمان  -  خوێندوومانە

وانانت    -  خوێندووتە

وانانتان   -  خوێندووتانە

وانانش   -  خوێندوویەتی

وانانشان  -  خوێندوویانە

*لەبەر ئەوەی قەدی چاوگ کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتووە بۆیە یەکێک لە نیشانەی ڕابوردووی تەواو هەواڵی (ە)، دەرنەکەوتووە.

ڕابوردووی تەواوی هەواڵی لەگەڵ کرداری تێنەپەڕ

قەدی چاوگ+(ەن/ان) + کۆمەڵەی دووەم          نا –  نمێ

نی  -   ندێ

Ø،ن  -  نێ

(ش.م)          ( د.ن)

ئامانا    -     هاتوومە

ئامانمێ  -  هاتووینە

ئامانی   -   هاتوویتە

ئاماندێ  -  هاتوونە

ئامان    -    هاتووە

ئامانی   -   هاتوونە

وشەی (وتەن) خەوتووە

(ش.م)          (د.ن)

وتەنا   -   خەوتوومە

وتەنمێ –  خەوتوویە

وتەنی  –  خەوتووینە

وتەندێ  – خەوتوونە

وتەن    –  خەوتووە

وتەنێ  –  خەوتوونە

٣- ڕابوردووی دووری هەواڵی لەگەڵ کرداری تێپەڕدا

قەدی چاوگ + وی+ جێناوی لکاو کۆمەڵەی یەکەم          م  – مان

ت  –  تان

ش  –  شان

وشەی (وەشناوی) چاندبوو

(ش.م)          (د.ن)

وەشناویم   –   چاندبووم

وەشناویمان –  چاندبوومان

وەشناویت  –   چاندبووت

وەشناویتان –   چاندووتان

وەشناویش  –   چاندبووی

وەشناویشان –  چاندبوویان

(ش.م)          (د.ن)

هاوردەویم  – هێنابووم

هاوردەویمان  –  هێنابوومان

هاوردەویت  – هێنابووت

هاوردەویتان –  هێنابووتان

هاوردەویش  –  هێنابووی

هاوریشان  -  هێنابوویان

٤-له شێوەزاری ماچۆدا ڕێژەی ڕانەبردووی هەواڵی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ

مە+ ڕەگی کردار+ جێناوی لکاو کۆمەڵەی سێیەم                                ی  -  مێ

ی  -  ندێ

ۆ،و  -  ا

(ش.م)      ( د.ن)

مۆری  -  دەخۆم

مۆرمێ  -  دەخۆین

مۆری  -  دەخۆیت

مۆردێ  -  دەخۆن

مۆرۆ  -  دەخوات

مۆره  -  دەخۆن

(ش.م)      ( د.ن)

مەوانی  -  دەخوێنم

مەوانمێ  -  دەخوانین

مەوانی  -  دەخوێنت

مەواندێ  -  دەخوێنن

مەوانۆ  -  دەخوێنیت

مەوانا  -  دەخوێنن

**ڕێژەی ڕانەبردووی هەواڵی کرداری تێنەپەڕ**

یاسا مە+ ڕەگی کردار+ جێناوی لکاو کۆمەڵەی سێیەم ی – مێ

ی – دێ

و،ۆ – ا

(ش.م) ( د.ن)

مەی – دێم

مەیمێ – دێین

مەی – دێیت

مەیدێ – دێن

مەیەو – دێت

مەیا – دێن

(ش.م) ( د.ن)

مەورەشی – دەفرۆشم

مەورەشمێ – دەفرۆشین

مەورەشی – دەفرۆشیت

مەورەشدێ – دەفرۆشن

مەورەشۆ – دەفرۆشێت

مەورەشا – دەفرۆشن

## **یاساکانی ڕێژەی دانانی لە شێوەزاری ماچۆدا**

١-ڕێژەی ڕابردووی بەردەوەمی دانانی (ب)+ قەد /-ایە/

ناسینەوەی بە: /-ب/ و /-ایە/ نیشانەی ڕابردووی دانانیە

(ش.م) ( د.ن)

بکۆکایە – بکۆکبایە

بنووسنایە – بنووسنبایە

بامایە – هاتبایە

٢–ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی /–ب/ ڕەگی کار + جێناوی لکاو کۆمەڵەی سێیەم

ی – مێ

ی – دێ

ۆ،و – ا

(ش.م) (د.ن)

بفڕی – فڕم

بفڕمێ – فڕین

بفڕی – فڕین

بفڕدێ – بفڕیت

بفڕۆ – بفڕێت

بفڕا – بفڕن

ڕێژەی داخوازی /–ب/ + ڕەگی کردار + جێناوی لکاو (ە،دێ)

(ش.م) (د.ن)

بوانە – بخوێنە

بواندێ – بخوێنن

## تەوەری سێیەم : بکەر نادیار و نەرێکردن لە شێوەزاری ماچۆدا

١-بکەر نادیاری ڕابوردوو

یاسا ڕەگی کار + نیشانەی بکەر نادیار /ر/ + نیشانەی تافی ڕابوردوو(یا)

خیسن+ ر+ یا= خیسریا(خوسێنرا)

هاو+ ر+ یا= هاوریا(هێنرا)

(عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٢٠٢٢:٥٨)

٢-بکەر نادیاری ڕانەبوردوو

یاسا:  مە+ ڕەگی کردار+ نیشانەی بکەر نادیار (ر)+ نیشانەی تافی ڕانەبوردوو (ێو)

مە+چلژ+ێو=مەچلژێو(دەچلژرێ)

مە+ وانر+ ێو=مەنوانرێو(دەخوێنرێ)

(عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٢٠٢٢:٥٨)

## نەرێ کردن لەشێوازی ماچۆدا

نیشانەکانی نەرێ لەشێوەزاری ماچۆدا ئەمانەن:(نە،نا،مە/مــنی،نمۆ)

١- نە:   لەگەڵ کرداری ڕابوردووی هەواڵی

ئاکار شیرەکەش وارد. ← ئاکار شیرەکەش نەوارد.

ئاکار شیرەکەی خوارد. ← ئاکار شیرەکەی نەخوارد.

ئاکار شیرەکەش واردەن. ← ئاکار شیرەکەش نەواردەن.

ئاکار شیرەکەی خواردووە. ← ئاکار شیرەکەی نەخواردووە.

ئاکار شیرەکەش واردەوی.← ئاکار شیرەکەش نەواردەوی.

ئاکار شیرەکەش خواردبوو. ← ئاکار شیرەکەی نەخواردبوو.

ئاکار شیرەکەش وەرێ. ← ئاکار شیرەکەش نەوەرێ.

ئاکار شیرەکەی دەخوارد. ← ئاکار شیرەکەی نەخوارد.

٢-نا: لەگەڵ کرداری ڕابوردووی بەردەوامی دانانی بەکاردێت

چانەیە بمایە. ← چانەرە نامایە.

لەوانەیە بهاتبایە.← لەوانەیە نەهاتبایە.

٣-(مه،مـ): لەگەڵ کرداری داخوازی بەکاردێت.

توو کەیلەکە بوروشە. ← توو کەیلەکە مەورشە.

شمە کەیلەکە بورە شدێ. ← شمە کەیلەکە مەورە شدێ.

توو ناوە بۆرە. ← توو ئاوەکە مۆرە.

شمە ئاوەکە بۆردێ. ← شمە ئاوەکە مۆردێ.

٤- نی: لەگەڵ کرداری ناتەواو بۆدەمی ئێستا بەکاردێت

ئاوەکە سەردەن. ← ئاوەکە سەردنیەن.

ئاوەکە ساردە. ← ئاوەکە سارد نییە.

٥- نمۆ(نمۆوە): لەگەڵ کرداری ناتەواو بۆ دەمی داهاتوو بەکاردێت

سان مۆوە وە مامۆستا. ← سان نمۆوە وە مامۆستا.

سان دەبێتە بە مامۆستا. ← سان نابێتە بە مامۆستا.

زلبێیەکە مۆ. ← زلبێیەکە نەمۆ.

شفتەکە دەبێت. ← شفتەکە نابێت.

## <u>تەوەری چوارەم: کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ناو و ئاوڵناو لە شێوەزاری ماچۆدا.</u>

### <u>ناو لەڕووی ژمارەوە لەشێوەزاری ماچۆدا</u>

ناوی تاک

کەناچە (کچ)

ژەن (ژن)

بابا (باپیر)

پیاو(پیاو)

<u>ناوی کۆ</u>

کەناچەکان(کچەکان)

ژەنەکان(ژنەکان)

بابەکان(باپیرەکان)

پیاوەکان(پیاوەکان)

## مۆرفێمی بەندی ناسراو و نە ناسراو لەشێوەزاری ماچۆدا

أ‌- بەمۆرفێمی بەندی ناسراوە بەمۆرفێمی/-ەکە/ دەکرێت

هەر+ ەکە= هەرەکە(کەرەکە)

پیاو+ ەکە= پیاوەکە

(عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٣٩:٢٠٢٢)

ب-هەر + ەکە+ ان= هەرەکان(کەرەکان)

ئایل+ ەکە + ان = ئایلەکان

مۆڕفێمی بەندی نەناسراو بەمۆرفێمی بەندی (ێ،یە) دەکرێت

ژەن+ ێ= ژەنێ(ژنێک)

کووتەک + ێ= کووتەکێ (لێدانێک) (عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین: ٤٢:٢٠٢٢)

لەبەر ئەوەی ناوەکە کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتووە بۆیە نیشانەی (ێ) وەرگرتووە.

تیرۆچۆ + یە= تیرۆچۆیە(تیرۆکێک)

خایی+ یە= خاییە ( هێلکەیەک)

لەبەر ئەوەی ناوەکە کۆتایی بەپیتی نەبزوێن هاتووە بۆیە نیشای (یە) وەرگرتووە

## پلەی ئاوەڵناو لەشێوەزاری ماچۆدا

١-پلەی بەراورد(تر)

چەرمە+ تر= چەرمتر(سپیتر)

یەواش + تر= یەواشتر(هێواش تر)

٢-پلەی باڵا (ترین)

سۆڵ + تر = سۆڵترین (تیژترین)

وتکڵە+ تر= وتکەڵەترین(بچووکترین)

## ئەنجامەکان

١. لە شێوەزاری ماچۆدا کرداری ڕانەبوردووی هەواڵی و دانانی نەرێ نیشانەی نەرێ (نە) شوێنی نیشانەی ڕانەبوردووی (مە) ناگرێتەوە واتە هەردوو نیشانەکە دەنووسرێت .

٢. لە شێوەزاری ماچۆدا جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک (ە) لە کرداری داخوازی هەمیشە دەردەکەوێت ئەگەر ڕەگی کردارەکەش کۆتایی بە پیتێکی بزوێن هاتبوو ئەو کاتە ناوبەندی (ر) دەکەوێتە نێوان ڕەگەکەوە و جێناوی لکاو.

٣. لە شێوەزاری ماچۆدا لەگەڵ کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕی هەواڵی ئەگەر هاتوو ڕەگی کردار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێت ئەوە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (ۆ) بەکاردێت بەڵام ئەگەر هاتوو ڕەگی کردار کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت ئەوە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (و) بەکاردێت .

٤. لە شێوەزاری ماچۆدا هەردوو نیشانەی ڕێژەی ڕابوردووی تەواوی هەواڵی (ەن ، ان) لەو کاتە دەردەکەوێت ئەگەر هاتوو قەدی چاوگ کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێت ، تەنها لەو کاتە نەبێت یەکێک لە نیشانەکانی ڕێژەی ڕابوردووی تەواوی هەواڵی دەرناکەوێت ئەگەر هاتوو قەدی چاوگ کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت .

٥. لە کرمانجیی ناوەڕاست هەموو ڕێژەکانی ڕابوردووی دانانی و ڕانەبوردووی دانانی هەیە بەڵام لە شێوەزاری ماچۆدا تەنها ڕێژەی ڕابوردووی بەردەوامی دانانی و ڕێژەی ڕانەبوردووی دانانی بەکاردێت.

# ليستى سەرچاوەكان

ناوى كتێب بە كوردى
١- مەجيد ، ئارام رەشيد ، ( ٢٠٢٢)، ڕێزمانى قۆناغى يەكەم ، بەشى زمانى كوردى - زانكۆى كەركوك ، ساڵى ٢٠٢٢ .
٢ - مەجيد ، ئارام ڕەشيد ( ٢٠٢٣) ، سينتاكس ، قۆناغى سێيەم ، بەشى زمانى كوردى - زانكۆى كەركوك .
٣ - مارف ، ئەوڕەحمانى حاجى مارف ( ٢٠٠٠) ، ڕێزمانى كوردى ، بەرگى يەكەم ، وشەسازى ، بەشى پێنجەم ، كردار ، دەزگاى چاپ و بەخشى سەردەم ، سلێمانى .
٤ - برزۆ ، ئومێد بەرزان ، ( ٢٠١١) ، دروستەى فرێز و ڕستە لە زمانى كورديدا ، چاپخانەى گەنج ، سلێمانى .
٥ - برزۆ ، ئومێد بەرزان ، ( ٢٠٢٠ ) ، توێژينەوەى زمانەوانيەكان ، بەرگى يەكەم ، زمانەوانى ، چاپى يەكەم ، چاپخانەى جنگل - تاران - ئێران .
٦ - ئەحمەد ، بێستوون حەسەن ( ٢٠٠٦) ، ڕۆنانى كردار لە زارى هەوراميدا ، چاپى يەكەم ، چاپخانەى چوارچرا ، سلێمانى .
٧ - محێدين، بازيان يونس،(٢٠١٣) ، پەيوەندى ئاستى مۆرفۆلۆجى بە ئاستى فۆنۆلۆجى و سينتاكس، چاپى يەكەم، چاپخانەى موكريان، هەولێر.
٨ - وەهبى، تەوفيق،(١٩٢٩)، دەستورى زمانى كوردى، جزمى يەكەم، بەغدا .
٩ - زمان و ئەدەبى كورديى، ( ٢٠٢٣)، پۆلى هەشتەمى بنەڕەتى، ليژنەى وەزارەتى پەروەردە، چاپى يازدەيەم.
١٠ - ئەحەمەد، سيروان سمين، ( ٢٠٢٣)، ريزمانى پراكتيكى، قۆناغى چوارەم، بەشى زمانى كوردى، زانكۆى كەركوك .
١١ - دزەيى، عەبدولواحيد موشير، ( ٢٠١٢)، وشەسازى زمانى كوردى، ناوەندى ئاوێز بۆ چاپ و بڵاوكردنەوەى هەولێر .
١٢ - دزەيى، عەبدلواحيد موشير، ( ٢٠١٢)، ڕستەسازى رۆنانگەرى و گوێزانەوە ، چاپى يەكەم ، هەولێر
١٣ - ئەحەمەد، كەوسەر عەزيز، ( ١٩٩٠)، بيردۆزى مۆرفێم و هەندێ لايەنى وسەسازيى كوردى، كۆلێجى ئاداب ، زانكۆى سەلاحەدين .
١٤ - مەحويى ، محەمەدى ، ( ٢٠١٠) ، مۆرفۆلۆژيى و بەيەكداچوونى پێكهاتەكان ، بەرگى يەكەم ، زانكۆى سلێمانى .
١٥ - مەحويى ، محەمەدى ، ( ٢٠١١ ) ، بنەماكانى سينتاكسى كورديى ، سلێمانى .
١٦ - هەوراماني ، محەمەد ئەمين ، ( ١٩٧٣) ، سەرەتاييەك لە فيلۆلۆژى زمانى كوردى لە بەروارى ئامادەكراو لە چاپخانەى مەعاريف لە بەغداد .
١٧ - ئەمين ، نورى عەلى، (١٩٦٠ )، ڕێزمانى كوردى ، چاپخانەى كامەران ، سلێمانى .

١٨ ـ خۆشناو ، نەریمان عەبدوڵلا ، ( ٢٠٠٩) ، بەشەکانی ئاخاوتن ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر .نامە ئەکادیمییەکان ( دکتۆرا)
١٩ ـ مەلازادەیی ، یارا قادر حەمە ، ( ٢٠١٣) ، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی
فەرهەنگ
٢٠ کاکەیی، هەردەوێل، (٢٠١٨)، فەرهەنگی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، بڵاونەکراوەتەوە.
نامە ئەکادیمییەکان ( دکتۆرا)
٢١ ـ قادر، ئەبوبەکر عومەر، ( ٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکس لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمانـ زانکۆی سلێمانی .
٢٢ ـ سەعید ، تارا عەبدوڵلا ، ( ١٩٨٨) ، هەندێک لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی ـ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە ، نامەی دکتۆرا , بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
٢٣ ـ دەلۆ ، لەیلا جەلیل عەباس ،( ٢٠٢١) ، مۆرفیمەکانی( ێ ) لە زمانی کوردیدا بە کەرەستەی کرمانجیی خواروو و ژووروو ، نامەی دکتۆرا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر .
٢٤ ـ مستەفا ڕەزا مستەفا ،( ٢٠١٩) ، پۆلینکردنی مۆرفێمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی .
نامە ئەکادیمییەکان ( ماستەر )
٢٥ ـ عبدالرحمن، ئاکۆ نجم الدین، ( ٢٠٢٢)، دیاردەی مۆرفۆفۆنیمی شێوەزاری ماچۆ لە سنوری شاری کەرکوکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە. قەڵادزێ .
٢٦ ـ عەلی، پێشڕەو ساڵح، ( ٢٠١٥ )، یاسا مۆرفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی .٢٧ ـ سروە بەکر عەزیز ساڵی ٢٠١٧ ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکان ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ـ قەڵادزێ ..
٢٧ ـ عەزیز، سروە بەکر، ( ٢٠١٧ )، هەندێ لایەنی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکان، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ـ قەڵادزێ .
٢٨ ـ ڕەسووڵ، عبدالله حسین، ( ١٩٩١)، ناکردن لە کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٩ – ماڵپەڕی ئەنترنێت
https://www.facebook.com/share/p/HxvnM٨٤rmabgjnZQ/?mibextid=oFDknk
٣٠– ماڵپەڕی ئەنترنێت
https://www.merriam-webster.com/dictionary/aspect